# بنەماکانی دروستنووسینی زمانی کوردی

م.ی. هەوار عومەر فەقێ ئەمین
وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوبەرێتی پەروەردەی سلێمانی
Hawaromer69@gmail.com

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.

**پوختەی توێژینەوە:**

زمان ئامرازی سەرەکی بیرکردنەوەو پەیوەندیکردن و شارستانییە، کە لە پیت، وشە، ڕستە، دەق،... پێکدێت، کە بۆ بەجێهێنانی پەیوەندیکردن و ئەرکی زمانی دێتەبەرهەم، نووسینیش نواندنی ئاخاوتنە بە وێنە، ڕێگایەکە بۆ پاراستنی زمان و بیرو ئەندێشەو ئەدەب و زانست و ....، باشترین و گونجاوترین هۆکاریش بۆ گەیشتن بە دروستی و تێگەیشتن و بەهەڵە لێکنەدانەوەی نووسین بەکارهێنانی ڕێنووسی دروستە.

دروستنووسین ئەو سیستەم و یاساو ڕێسایانەیە، کە لەنووسینی خودی زماندا جێبەجێدەکرێت، بۆ تێگەیشتن و دروستخوێندنەوەو بەدەستهێنانی واتای وشەو دەستەواژەکان، جیاکردنەوەی واتا جیاوازەکان، کە لەزماندا بوونی هەیە، هۆکاری سەرەکییە بۆ گەیشتن بە ڕێنووسێکی دروست و یەکگرتو.

**وشە کلیلییەکان:** بنەماکانی دروستنووسین، دروستنووسینی کوردی

## Principles of Dictation of Kurdish Language

**Hawar Omer Feqy Amen, Ministry of Education**
**Hawaromer69@gmail.com**

## Abstract

The Language is the main tool of thinking, communicating and civilizing, which includes letters, words, sentences and texts ….etc. Language has been created for the purpose of communication. Writing is the way to represent and preserve the language, thoughts, imaginations, literature and sciences…. etc. The most suitable way to obtain perfect language is to use correct spelling.

Dictation is a process and rules that have been applied in the main language itself. For correct understanding the meaning of the words and phrases, to differentiate the various meanings that exist in the language.

**Keyboard**: Principles of dictation,  Kurdish dictation, Spelling

# مبادئ الإملاء في اللغة الكردية

م.م.هەوار عمر فقي أمين ، وزارة التربية
Hawaromer69@gmail.com

**المستخلص**

اللغة هي الأداة الرئيسة للتفكير والتواصل والحضارة وتشتمل على الحروف والكلمات والجمل والنصوص...الخ، انشأت لغة لغرض الاتصال والتواصل. والكتابة هي طريقة لتمثيل والحفاظ على اللغة والفكر والخيال والأدب والعلوم، ...الخ، إن أفضل وأنسب طريقة للوصول إلى الطريقة الصحيحة لفهم والتفسير الصحيح، هو استخدام الاملاء الصحيح.

الإملاء هو عملية وقواعد طبقت باللغة الرئيسية نفسها، لفهم معنى الكلمات والعبارات بشكل صحيح، للتمييز بين المعاني المختلفة الموجودة في اللغة.

**الكلمات المفتاحية**: مبادئ الاملاء، الاملاء الكردي، الهجاء

**پێشەکی:**

ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی ( بنەماکـانی دروستنووسـینی زمـانی کـوردی)یە، کە خسـتنەڕوی ئەو لایەنە کێشەدارانەیە، کە لەزمانی کوردیدا دەبینرێت و بۆتە هۆکارێك بۆ شـێوازی جیـاواز لەنووسـینی بەکارهێنەرانیـدا، بـۆ ئەمەش لێکـدانەوە زمانەوانییەکـان وەردەگیرێـت و بنەمـای دروسـت و زانسـتی لێهەڵدەهێنجێنرێت.

نووسین بۆ پاراستنی ئاخـاوتن و بیروبۆچـون و ئایـدیاو ئەدەب و .... ە، لێرەشـەوە گرنگـی و بـایەخی نووسین دەردەکەوێت و ئامـانج و مەبەسـتەکانی ئاشـکرا دەبێـت، بـۆئەوەی ئامـانجی نووسـین بـایەخی خـۆی لەدەسـتنەدات و مەبەسـتەکەی بپێکێـت، گـرنگە ڕێنووسـێکی یەکگرتـوو یاسـایەکی گشـتگیر بـۆ نووسین دابنرێت.

ئەم توێژینەوەیە باس لە بنەماکانی دروستنووسین دەکات و هەوڵدەدات ئەو گرفت و دوجۆر نووسـین و شێوازانە بخاتەڕو، کە لەزمـانی کوردیـدا بـوونی هەیەو نەتـوانراوە چارەسـەری دروسـتی بـۆ بکرێـت، یاخود یاساکان هەن، بەڵام جێبەجێنەکراون، لە دەرئەنجـامی لێکـدانەوەکان بنەمـایەك بـۆ گرفتەکـانی ڕێنووس دابنرێت.

توێژینەوەکە لە دو بەشی سەرەکی و ئەنجام و پوختەو سەرچاوە پێکدێت.

بەشی یەکەم باس لە چەمکی زمان، چەمکی دروستنووسین، پلاندانانی زمانی دەکات، بەشی دوەم باس لە بنەماکـانی دروستنووسـین دەکـات، کە خـۆی لە ( بنەمـای فۆنۆلـۆژی، بنەمـای مۆرفۆلـۆژی، بنەمـای سینتاکسی، بنەمای سیمانتیکی )دا دەبینێتەوە.

بەشی یەکەم

١|١: چەمکی زمان

زمان ئەو ئامرازەیە، کە بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن و گەیاندنی بیرو هەست و ئایدیاو ...... هاتوەتەکایەوە، (زمان سامانێکی تەجروبەی ئاخاوتنە لەهەموو ئەوانەوە کۆبۆتەوە، کە سەر بە کۆمەڵی کۆمەڵگایەکن.) (حاجی مارف، ١٩٩٨، ل١٠٥) (Haje Marf, 1998, p105)، بەمەش زمان وەك پێڕەوێکی بیری و ئاوەزی مرۆیی دەناسرێت، کە پێڕەوو کۆدو هێمای دیاریکراوی بۆ دانراوە، زمانیش لە ( وشە، ڕستە، دەق) پێکدێت، کە هۆکارن بۆ بەجێهێنان و بەرهەمهێنانی ئەرکی زمانی، ئەمەش لەڕێگەی ئەو دەنگانەوە دروستدەبێت، کە لەزماندا بوونی هەیە، بە پێکەوەبەستنی دەنگەکان مۆرفێم دروستدەبێت، لەڕێگەی ڕێککەوتنی کۆمەڵەوە واتا بەوشەکانی زمان دەدرێت، تاکەکانیش بە لێهاتویی و بەشێوەیەکی ڕێکخراوو ڕیزبەندانە وشەکان بۆ گفتوگۆکردن بەکاردەهێنن. ( De Saussure زمان وەك پێڕەو بینراوەو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، پەیوەندییەکانی نێوان یەکەکانی ناو پێڕەوێك بەگوێرەی پێڕەوەکە ڕێکخراون، بۆیە پێڕەوبەندن لەتەك پەیوەندییە جێنشینییەکاندا، ئەوانەی نێوان ڕودانی یان بەکارهێنانی یەکەکانی ناو هێماکان، کە هەمدیسان پێڕەوبەندانە ڕێکخراون. بە پەیوەندی تەکنشینی ناسراون، بەمجۆرە هەردو پەیوەندییەکە پێڕەوبەندن. (حەمە سەعید، ٢٠٠٨، ل١-٢) (Hemeseaid, 2008, p1-2)

بناغەی زمانی هەر نەتەوەیەك زمانی ستانداردە، کە زمانی فەرمی هەر وڵاتێکەو گرنگی تەواوی بۆ نەتەوەو نووسین و یەکنووسینی و دروستنووسین هەیە، کە (دەبێتە بنەمای زمانی خوێندن و یاساو کتێب و ئەدەب و کلتورو دامودەزگاکانی وڵات و ڕاگەیاندنەکان، لەقوتابخانەو زانکۆو دەزگاکان و پەرلەمان و شوێنە فەرمییەکاندا بەکاردێت، واتە زمانێکی نمونەییەو (لەڕوی ئاخاوتن و نووسین)ەوە بەکاردەهێنرێت، کە لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دیاریکراودا بەدیدێت و پەیڕەودەکرێت و هۆکارە بۆ کۆکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ.) (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥، ل ١٢٨) (Faqe Amen 2015, p128)، کەواتە دەبێت بۆ زمانی ستاندارد بنەماو یاسای دروستنووسین دیاریبکرێت و جێبەجێبکرێت، تا ببێتە بناغە دارێژەری نووسین بۆ هەموو بەکارهێنەرانی زمانەکە.

١|٢: چەمکی دروستنووسین orthography

ڕێنووس وشەیەکی لێکدراوە لە (ڕێ + نووس) پێکدێت، (ڕێ) بەواتای ڕێگا، (نووس) یش لە ڕەگی چاوگی (نووسین)ەوە وەرگیراوە، بەواتا ڕێگای نووسین، شێوازی نووسین. لەڕوی چەمکەوە orthography بەواتای (دروستنووسین) دێت، کە سەرەتا (ئەلفبێ) ی بۆ بەکارهاتوە.

دروستنووسین واتە جۆری نووسینی دروست، نووسین نواندنی بیرە بە وێنە، (مەبەست لە نووسین خودی زمانە. (Boston, 1998, p7). واتە زمان لەڕێگەی دەنگەکانەوە دەردەبڕێت و بە

پیت/گرافێم*دەنوێنرێت، بۆ فێربوونی پیتەکانی زمان و بەیەکەوەبەستنیان بەشێوەی دروست، هێماش کە بۆ فۆنێمەکانی زمان دانراوە، بە مەبەستی جیاکردنەوەی دەنگەکانە لەیەکترو دیاریکردنی واتای وشەو جیاکردنەوەی واتا جیاوازەکانی زمانە، کە بەدەستخستنی واتای زمانی دێنێتەبەرهەم، بەواتە نووسین ئەو پێڕەوەیە، کە پێویستی بەبەکارهێنان و جێبەجێکردنی ڕێنووسی دروستە، بۆ نەخشاندنی بیرەکان، ڕێنووسیش ئەو سیستەم و یاساو پێڕەوو دەستورەیە، کە بۆ نووسین دانراوە، کەواتە دروستنووسین ئەو دەستورو یاسایانەیە، کە بۆ نووسینی پیت و وشەکانی زمان دانراوە، تا بەهۆیەوە بەیەك ڕێنووسی دروست بگەین.

لە فەرهەنگی کامبرجدا دروستنووسین، بریتییە لە (ڕێگایەکی دروست بۆ خوێندنەوەو نووسینی وشە.) dictionary.cambridge.org بەواتە (سیستەمی پێکهێنانی واتایە). (Boston, 1998, p8)، ئەمەش لێهاتویی خوێندنەوەو نووسین ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو لە پێکهێنانی وشەو تێگەیشتن لەواتادا دەبینێت، لێرەوە گرنگی و بایەخ و بەهای ڕێنووس دەردەکەوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لێهاتویی خوێندنەوەو نووسین، توانای خوێندنەوەو وەرگرتنی زانیاری و تێگەیشتن و پەرەسەندنی کۆزانیاری لەتاکدا زیاددەکات، (خوێندنی باشترو ڕاهێنانی زیاتر دەبێتە هۆی فێربوونی ڕاستنووسین.) (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥، ل١٤١)(Faqe Amen 2015, p141)، لەبەرئەوە (لەژێر هەڵکەوتی ڕاستی فێرکردنی ڕێزمانی ئاشکرادا، دەتوانین کاریگەری ئەرێنی لەسەر لێهاتویی نووسین دابنێین.) (Spolsky & Hult, 2008, p56)، لێهاتویی ڕێنووس پێویستی بە چوار جۆر کۆزانیاری جیاواز هەیە، ئەوانیش:

١- کۆزانیاری فۆنۆلۆجی: ئەم کۆزانیارییە جەخت لەسەر چۆنیەتی گۆڕینی دەنگ بۆ پیت دەکات.

٢- کۆزانیاری بینراو: ڕێگەی وشەو نووسین کۆدەکاتەوە، تیشکدەخاتە سەر چۆنیەتی بینینی وشە، کە لێهاتویی خوێندنەوە زیاددەبێت.

٣- کۆزانیاری مۆرفیمی: واتاو ئەرك و ڕێنووسی جیاواز گۆڕان لەفۆرمی وشەدا دەکات، کۆزانیاری لەسەر پاشگرو پێشگرو گشتاندن، کە بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشە پێویستە. واتە کۆزانیاری مۆرفیمی تیشکدەخاتە سەر ئەوەی، کە کاتێك ئەرك لەسەر فۆرمی ڕێزمانی جیاواز دروستدەبێت، چۆن واتای وشە دەگۆڕێت، کار لە لێهاتویی بیرکردنەوە دەکات.

٤- کۆزانیاری ئیتمۆلۆژی: شیکردنەوەی وشەکانە، کە تیشکدەخاتە سەر واتاو ڕەگی وشە. (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥، ل١٤١)( Faqe Amen 2015, p141)، ئەم کۆزانیارییانە کاریگەرییان لەسەر دانانی یاساو

* پیت بە ڕەمزی گرافی بۆ نوسینی دەنگەکانی زمانی دادەنرێت. بڕوانە (حەمە سەعید، ٢٠١٦) (Hemeseaid, 2016)

سیستەمی ڕێنووس و دروستنووسین هەیە، بنەمایەکە بۆ چەسپاندن و بناغەدارشتنی ڕێنووسێکی دورست. بەشێوەیەکی گشتی دوجۆر دورستنووسین بەکاردێت:

١- دروستنووسینی ئیتمۆلۆژی etymological orthography: لەسەر بنەمای فەرهەنگی زمانی هەندێك تایبەتمەندی زمانەوانی جیادەکاتەوە، بەتایبەت شێوەی خوێندنەوەی دەنگی وشەکان.

٢- دروستنووسینی فۆنیمی phonemic orthography: لەسەر بنەمای دەنگ ڕودەدات، بەبێ ئاماژەدان بە فەرهەنگ، زانینی سیستەمی نووسینی دروستنووسینی فۆنیمی ئاسانترە بۆ فێربوون بەهۆی هاوئاهەنگی لەگەڵ پیتی هەر دەنگێك، چونکە خوێنەری نوێ، دەنگ لەلایەن دەنگەوە دەزانێت. (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥، ل٩٣)(Faqe Amen 2015, p93)، (Hornberger & Mckay, 2010, p243-244).

ڕێنووس لایەنێکی گرنگە بۆ پتەوکردن و بەرەوپێشچون و بەرزکردنەوەی ئاستی نووسین و دروستنووسین، هۆیەکی کاریگەری ئاسانکاری خوێندنەوەو نووسینە، تا بە کەمترین کات لە وشەو ماناکان بگەیت، چونکە هەڵە لەنووسیندا لەلایەك تێڕوانین و تێگەیشتن و تێکدانی واتاو پێڕەوی زمانی لێدەکەوێتەوە، لەلایەکی تر گرفت و کێشە بۆ وشەکانی زمان و تێگەیشتن و تۆمارو چاپی نووسەران دروستدەکات، بۆیە گرنگە یەك شێوە نووسین لەنێو هەموو پرۆگرام و نووسراوو چین و توێژو میدیاو دامودەزگاکاندا هەبێت، ئەمەش لەسەر بنەمای زانستی و بڕیاری زمانەوانی دەبێت ڕێکبخرێت.

١|٣: پلاندانانی زمانی

پلاندانانی زمانی و سیاسەتی زمان سیستەمێکی گرنگ و بەبایەخە بۆ دانانی یاساو بنەماکانی دروستنووسین، پلاندانانی زمانی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی بڕیار لەسەر زمانێك دەدرێت، کە وەك زمانی ستاندارد هەڵدەبژێردرێت و دەستنیشاندەکرێت، زمانەوانان یاساو سیستەمی زمانەکەو پێکهاتەی زمانەکە دادەڕێژن و پێڕەوبەندانە فەرهەنگێکی ستاندارد دادەنێن، کە هەموو بنەماکانی زمانی تێدابێت. (Krishamurti دەڵێت پلاندانانی زمانی پلانێکە بۆ بەڕێوەبردنی زمانی و پاراستن و بەرزکردنەوەی ئاستی زمان، کە بەپێی ڕێکخراوەیی و بەئاگایی لەلایەن حکومەت و لیژنەی زانستی و تاك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمان لەئاستی نەتەوەییدا بڕیار دەدات، کە دەبێت زمانی ستانداردو پرۆگرام و ڕاگەیاندن و .... وەکیەکبن.) (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥، ل٩١)(Faqe Amen 2015, p91).

زمان ڕژێمێکە لە پێڕەوی دەنگ و پێڕەوی واتا پێکدێت، کە ( زمان ڕژێمێکە، لەڕێی یاسا هەڵگوێزراوەو هەربویەکی زمانیش کەرەستەی یاساکانی زمانەو لەژێرچاودێری یاساکانیدایە، لەبەرئەوە

زمان ڕژێمی یاساجڵەوكێشە، هەر هەبویەكی زمان دابەشبوونێكی تایبەتی هەیە.) (حەمە سەعید، ٢٠٠١، ل٩٤)(Hemeseaid, 2001, p94)، ئەم یاسایانەش پێویستی بەبوونی پلاندانانی زمانی هەیە، كەواتە پلاندانانی زمانی هۆكارێكە بۆ چارەسەركردنی گرفتە زمانییەكان و شێوەی خوێندنەوەو شێوازی دروستنووسین. كە ( ئەم هەنگاوانە دەگرێتەبەر: ١- دیاریكردنی كێشە ( پشكنینی ڕاستی و دیاریكردنی كێشە سەرەكی و لاوەكییەكانی زمان)، ٢- دیاریكردنی ئامانج ( ئامانج لە دانانی ئەم پلانە زمانییەو دیاریكردنی چییە؟) ٣- شیكردنەوەو تێچون و بەخششەكان. ٤- جێبەجێكردن ٥- هەڵسەنگاندن (بەراوردكردن و پێشبینیكردن بۆ دەرئەنجامی ڕاستەقینە).(Hornberger & Mckay, 2010, p151)

سێ بنەمای سەرەكی لە پلاندانانی زمانی دیاریكراوە، كە بریتین لە:

١- حاڵەتی پلاندانان status planning: ئەم بنەمایە لەسەر ئاستی حوكمی و سیاسی بڕیار لەسەر زمانێك دەدرێت وەك زمانی فەرمی ( ئاماژە بەو دەوروبەرە دەكات، كە زمانی تێدابەكاردەهێنرێت، وەك زمانێك، كە بریتییە لە زمانی فەرمی. (Donakey, 2007, p11)

٢- كەرەستەی پلاندانان corpus planning : سەپاندنی ڕێنووسی دیاریكراوە لە ( سینتاكس، فەرهەنگ، مۆرفۆلۆجی، شێوەی خوێندنەوە، چۆنیەتی دەربڕین)، كەواتە ئەم بنەمایە بایەخ بەبنەماكانی دروستنووسین دەدات و سیستەمی زمانی دادەڕێژێت، كە لەگەڵ بەرەوپێشچونەكاندا سیستەمەكەش گەشەبكات و پەرەبسێنێت.

٣- پلاندانانی وەرگرتن acquisition planning : كە بە سیاسەتی پەروەردەی زمانی دەناسرێت، دەربارەی بەكارهێنەری زمانە، كە باس لەسیاسەتی فێركردنی زمان دەكات. (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥، ل٩٢-٩٣)(Faqe Amen 2015, p92-93)

**بەشی دوەم:**

**بنەماكانی دروستنووسین**

ڕێنووسی هەر زمانێك یاساو دەستوری تایبەتی خۆی هەیە، كە لەسەر بناغەی دیاریكراو دامەزراوە، ڕێنووسی كوردی لەسەر بناغەی ڕێبازی فۆنەتیكی سازكراوە، كەواتە ئەلفبێ سیستەمی نووسینی زمانە، كە كۆمەڵێك هێمای نووسراوی سەرەكین. ( لەدنیادا سێ چەشن لە پێڕەوی نووسین هەیە: ١- لە نووسینی وشەییدا ڕەمزێك تەواوی واتای وشەیەك دەنوێنێت. ٢- لە نووسینی برگەییدا ڕەمزێك برگەیەك دەنوێنێن. ٣- ئەلفوبێیەك لەسەر بنەمای ڕێسای فۆنەتیكی دادەمەزرێت.) (حەمە سەعید، ٢٠١٦، ل٥١)(Hemeseaid, 2016, p51)

هێمـا زمانییەکـان ئەو وشـەو دەسـتەواژانەن، کە وەك کۆدێـك بـۆ پەیوەنـدیکردن و تێگەیشـتن و بیرکردنەوە تاکەکان بەکاریدەهێنن، کە پێکهاتەی دەربڕین و ناوەڕۆك لەخۆدەگرن، لە چەنـد ئاستێك پێکهاتون، کە بریتین لە: فۆنەتیك، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیك.

نووسینەوە ( ڕێبازێکە بۆ نووسینی دەنگەکانی زمان و ناوی script ی لێنراوە، دو جۆر لەنووسینەوە لەیەکجیاکراونەتەوە: ١- نووسینەوەی فۆنییمی، کە لەنێوان هێڵی لار دەنووسرێن و یەکەکان ئەرکی گـۆکردنی زمانیـان هەیە،( بۆنمـونە /پا/). ٢- نووسـینەوەی فـۆنەتیکی لەنێـوان کەوانەی شـکاوەدان دەنووسرێن (بۆنمونە [ پور])، یەکەکان بنەمـای ئۆرگـانی و بیستەنییان هەیە، بەبێ گوێدانە ئەرکی گـۆکردنی زمـانی، نووسـینی فـۆنەتیکی بەوردەکاری زۆرەوە بە ( نووسـینەوەی تەسـك/ورد) ناسـراوە، بەوردەکاری کەمەوە بە (نووسـینەوەی فراوان/درشت) ناسـراوە.). بـڕوانە: (حەمە سـەعید، ٢٠٠٨، ل٤٥-٤٦)(Hemeseaid, 2008, p45-46)

خوێنـدنەوەو نووسـین واتـای جیـاواز دروسـتدەکەن، ئەم جیـاوازییەش بەهـۆی شـێوازی نووسـین (پێکەوەبەستن و جیـاکردنەوە یـان دانەنـانی نیشانە)ەوە دروسـتدەبن، کە لەئەنجامـدا لێکتێنەگەیشتن ڕودەدات. (ڕێنووس و نووسـین، کەلەمێشـکدا چەسـپان دەبـنە بەرنـامە، مـرۆڤ بەسـەر نووسـیندا زاڵەو دەسـەڵاتی بەسـەریەوە هەیە، نەك بە پـێچەوانەوە.) (چـوار زماننـاس، ٢٠١٠، ل٩) (Four Linguistics, 2010, p9)، لێرەدا گرنگترین بنەماکانی دروستنووسین دەخەینەڕو.

## ٢\١: بنەمای فۆنۆلۆژی

فۆنۆلۆژی شـێوەی خوێنـدنەوەو دەربـڕین دیاریـدەکات، بەکاردێـت بـۆ دۆزینـەوەی ئەو بنەمایـانەی، کە لێپسـراون لەڕێگاکـانی ڕێکخسـتنی دەنگەکـان لەزمانـدا، ( بچـوکترین کەرەسـتەی سـەرەتایی فۆنۆلـۆژی ڕژێمـی زمـانە.) (حەمە سـەعید، ٢٠٠١، ل٩٧)(Hemeseaid, 2001, p97)، کە سـەرەتا دانە دەنگییەکـان بەرچـاو دەکەون، دواتـر زنجیرەدەنـگ (بـڕگە یـان لەتەبـڕگە) دێـت، بەپێـی یاسـا فۆنۆلۆژییەکـان و پێکەوەبەسـتنیان وشـەکانی زمـان دروسـتدەبێت، بەمەش پەیوەنـدییەکانی نێـوان پێـڕەوی نووسـین و پێڕەوی دەنگ فرەجۆر دەبن.

فۆنۆلۆژی ئەرکی سەرەکی جیاکردنەوەی واتای یەکەکانی زمانە. ( فۆنۆلـۆژی لەو یاسـایان دەکـۆڵێتەوە، کە بەهۆیـانەوە دەنگەکـانی زمـانێکی تـایبەتی لەیەکـدەدرێن بـۆ دروسـتکردنی بـڕگە.) (ئەمـین، ٢٠٠٤، ل١٤)(Amen, 2004, p14)، بەواتە (فۆنۆلۆژی لە نیشانەکانی بەجێهێنانی ئەرکی واتـا گـۆڕینی (نیشـانە گۆکەرییەکانی) یەکە دەنگییە شاراوەو نادیارەکانی (سەگمێنتەکانی) پێڕەوی زمـان دەکـۆڵێتەوە.) (حەمە سـەعید، ٢٠٠٨، ل٦٥)(Hemeseaid, 2008, p65)، لەسـنوری فۆنۆلۆژیـدا ئەو پیـتەی لەڕێنووسـدا

دەستنیشاندەکرێت، پێیدەڵێن فۆنێم، فۆنێمیش بچوکترین یەکەی بێواتای زمانە، کە ڕاستی تێدا بێت، واتە خاوەن زمان هەست بەبوونی بکات و بەگۆڕینی واتای وشە بگۆڕێت، کۆزانیاری فۆنیمی تێگەیشتن لە دەنگ و هێما بەدوای خۆیدا دەهێنێت، (گچکەترین سەگمێنت کە لەڕێی هەمبەرییەوە لەناو وشەدا دەبینرێت " فۆنێم"ە، فۆنێم یەکەی نادیارو بناغەی نووسینە، کاتێک ئەم جیاوازییە لەنێوان دەنگەکاندا تۆماردەکرێت، کە دەبێتە هۆی جیاوازی لەواتادا ئەم نووسینە بە (نووسینی فۆنێمی) ناسراوە.) (حەمە سەعید، ٢٠٠٨، ل٥٧)(Hemeseaid, 2008, p57)، کەواتە فۆنێم دەنگێکە، کە لەزمانیکی دیاریکراودا بەهای هەیە.

(ئەلفوبێ/نووسین خۆی مۆدولاری نیشاندەدات، واتە وەك پێڕەوێکی چڕوئاڵۆزی لەناوەوە لەناوخۆدا پەیوەندیدارە، کە لە چەند وەچەپێڕەوێکی تر پێکهاتوە، لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی ڕێزمان بە ڕێساو نوێنراوەکانی ڕێزمانەوەو لەلایەکی تریشەوە لەژێر چەندین مەرجی ئاوەزی و مەرجی کۆمەڵایەتیدایە.) (حەمە سەعید، ٢٠١٦، ل٣١)(Hemeseaid, 2016, p31)، ئەلفبێ ئەو وێنەیە کە بەرانبەر بەفۆنێمەکان دادەنرێت، ( ئەلفبێی هەر زمانێ لەسەر بناغەی فۆنیمەکانی دادەمەزرێت. ئەو وشانەی کە هەموو دەنگەکانیان وەك یەکن تەنیا لە دەنگێك جیاوازن، ئەم جیاییە واتای جیاواز دروستدەکات، بە جوتۆکە ناودەبرێن بە بەراوردکردنی ئەم جوتۆکانە فۆنێمەکانی زمان دەستنیشاندەکات..) بڕوانە: (ئەمین، ٢٠٠٤، ل٩-١٠)(Amen, 2004, p9-10)، کەواتە پیت ئەو هێمایانەیە، کە بۆ نواندنی ئاخاوتن دانراوە، پیت/گرافیمیش بچوکترین یەکەی جیاکەرەوەی واتایە لەنووسیندا.

دەنگەکانی زمانی کوردی ٣٧ دەنگن*، کە بۆ دو دەنگی بزوێن و نەبزوێن یەك پیت دانراوە، کە ئەوانیش (و، ی)، بە لاتینی (u، î ، y ، w) وە دەنگی بزرۆکە، کە تەنها بەلاتینی هێمای بۆ دانراوە، ( هیچ زمانێك نییەو نەبوە ژمارەی پیتەکانی بەقەد فۆنێمەکانی بێت.) (چوار زمانناس، ٢٠١٠، ل٩)(Four Linguistics, 2010, p9) پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی**، بریتین لە: ئ، ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ه ،ە، و، ۆ، وو، ی، ێ،

* دەنگ لە کەوانەی شکاوەدا [p] پیت لەنێوان دو سەرە تیرە <پ> دەنوسرێت. یەکە پێکهێنەرەکانی دەربڕین دەتوانرێت بەرجەستەبکرێن: کەرەستەی فۆنەتیکی p لەڕێی دەنگی [p]ەوەو کەرەستەی گرافییشی لەڕێی پیتی <پ> ەوە بەرجەستەدەبێت. بۆ زنیاری زیاتر بڕوانە: (حەمە سەعید، ٢٠٠٨)

** بڕوانە: (چوار زمانناس، ٢٠١٠، ل١٤)(Four Linguistics, 2010, p14)، (زانستپەروەرانی کورد، ٢٠١٤، ل٤)(Zanistperewarani Kurd 2014, p4)، (هاشمی، ٢٠٠٣، ل٣)(Hashmy, 2003, p3)، ئەکادیمیای کوردی (٣) Kurdish Academy، پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردیان بە (٣٤) پیت داناوە، تۆفیق وەهبی ئەلفبێی بە ٣٥ پیت داناوە /وو/،/ە/ تێدا نییە،، ، محەمەدی مەحوی کردویەتی بە دو بەش ١- ئەلفبێی باووڕۆیشتو کە بە ٣٢ پیت دایناوە، ٢- ئەلفبێی بەپێی ڕێکخستنی نوێ، کە بە ٣٩ پیت دایناوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حەمە سەعید، ٢٠١٦، ل٢٧٢-٢٧٥) (Hemeseaid, 2016, p272-275)

بەدوای یەکتردا هاتنی دەنگەکان کاریگەرییان لەسەر کورت و درێژی و شوێنی دەنگەکان هەیە، کە هۆکاری سەرەکییە بۆ کورت و درێژی دەربڕینی بڕگە، بڕگە بریتییە لە دەنگێك یان زیاتر، کە بەیەك تەوژمی هەوا دەردەبڕدرێت، ئەو قاڵبە فۆنۆلۆژییانەی بڕگەی کوردی تێدا دادەڕێژێت، بریتیین لە: ١- cv با، کا ، دە. ٢-cvc شار، دار ٣-cvcc بەرد، کورد ٤- ccv کوا، خوا ٥- ccvc چوار، خوار ٦- ccvcc خوارد [***] (عەلی، ٢٠١٣)(Ali, 2013)

یاسای زمانی کوردی بۆ بڕگە بریتییەلە: ١- بڕگە بەبێ پیتی بزوێن نابێت، ٢- دو بزوێن بەدوای یەکدانایەت، ٣- بزوێن لەسەرەتای وشەدا نایەت، ٤- مەرج نییە بڕگە واتادار بێت.

پێش دیاریکردن و بڕیاردان لەسەر بوون و نەبوونی فۆنێمەکانی زمان، ئەو پلەو پێوەرو یاسایانە دەخەینەڕو، کە فۆنێمەکان جیادەکاتەوەو لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی کە کراوە، هەڵسەنگاندنەکان دەکرێت.

پێوەری سەرەکی دیاریکردنی فۆنێم گۆڕینی واتایە، دو فۆنێم جیاوازن ئەگەر لە پەیوەندیی جێنشینیی لە جێکەوتەی تەکنشینیدا وشەی/مۆرفێمی جیاوازو نوێیان بەرهەمهێنابێت، یەکەکان کە لەزنجیرەیەکی ئاسۆییدا ڕیزدەبن، بەپەیوەندی جێنشینی ناودەبرێن، کە ( پێوەندییەکە لەنێوان یەکە زمانییەکاندا، کە هەندێکیان دەتوانن لە شوێنی هەندێکی دیکەیان لەهەمان کۆنتێکستدا بێن.) (خۆشناو، ٢٠١١، ل٢١)(Xoshnaw, 2011, p21)، (پەیوەندی جێنشینی زاراوەی "پەیوەندی لەبریدانان" بۆفۆنۆلۆژی بەکاردەبەین.) (حەمە سەعید، ٢٠٠١، ل١٠٥) (Hemeseaid, 2001, p105)، کاتێکیش یەکەکان لەپۆلی ستونیدا لەبری یەکتر دێن بە پەیوەندی تەکنشینی ناودەبرێن، کە ( ئەو پێوەندییەیە، کە یەکەیەکی زمانیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لەیەك کۆنتێکستدا هەیەتی، وەکو پێوەندیی نێوان وشەکانی ڕستەیەك یان پێوەندی نێوان دەنگەکانی وشەیەك.) (خۆشناو، ٢٠١١، ل٢٨)(Xoshnaw, 2011, p28)، هەر سەگمێنتێکیش بە تەنیا خاوەنی ئەم نیشانانەیە، زرنگدانەوەی دەنگ و شوێنی ئۆرگانی دروستکردن و جۆری دروستکردن.

( ئەرکی بەجێهێنان (گۆکردن) بەشێوەیەکی سەرەکیی بۆ پاراستن و گواستنەوەی ناوەڕۆکی واتایی (زانیارییەکان)ەو پاشان بەشێوەیەکی لاوەکی بۆئەوەیە ببنە سیمبولی/ڕەمزی نیشانە تایبەتییە فۆنەتیکییەکانی دەربڕاوەکان، لەبەرئەمەیە ئەگەر ئەرکی بەجێهێنانە سەرەکییەکەی وەك خۆی بمێنێتەوە، مەحاڵە پێڕەوە ئۆرسۆگرافییەکە پەیوەندییەکی یەك بەرانبەر یەکی لەنێوان ڕەمزی نووسین (پیت) و یەکە دەنگییەکەدا بەڕونی و ڕەوانی هەبێت و ئەو پەیوەندییە یەك بەرانبەر یەکە

[***](خۆشناو، ٢٠١٣، ل٥٤)(Xoshnaw, 2013, p54)، (ئەمین، ٢٠٠٤، ل١٦)(Amen, 2004, p16) دوو جۆری تریان زیاد کردوە، بەمجۆرە دیاریکردوە، ئەزVC ئا، V ، کە ئەمەش لەگەڵ یاسای بڕگەدا ناگونجێت.

دەرنابڕێت (پڕاوپڕ پەیکاڵی یەکتریی نیین.)) (حەمە سەعید، ۲۰۰۸، ل٤٩)(Hemeseaid, 2008, p49)، یەکە زمانییەکـان ئەرکـی بەجێهێنـانی بەرانـبەری و لێکـدان و خسـتنەتەکیەکیان هەیە، (هەمـوو هەمبەرییە پرادیگماییەکان لە بەجێهێنانی ئەرك و گۆکردنەکانی زماندا هەمان گرنگییان نییەو زۆر جیـاوازن، ئەرکـی بەجێهێنـانی گـۆکردنە ئەرکـی کۆنسـنانتی *اچ/و/ج/* زۆر کەمتـرە لەبەرانـبەر بەیەکوەستانەوەی *اب/و/پ/*، ئەوانەی ئەرکی بەجێهێنانیـان زۆرتـرە پتەوتـرن و تواناپـان بـۆ مـانەوە زۆرترە.) (حەمە سەعید، ۲۰۰۸، ل٣٦-٣٨)(Hemeseaid, 2008, p36-38)

هەر یەکەیەکی زمان لەخوار ئاستی ڕستەوە ئەدگارو ئاکاری دابەشبوونی خۆی هەیە: ١- کاتێـك دو یەکە یـان زۆرتـر لەهەمـان مەودای دەقێکـدا ڕودەدەن ( لە دابەشـبوونی هاونرخ/هاوتا/یەکسـان)دان، ئەمەش ئەوە دەبەخشیت، کە هەمان دابەشبوونیان هەیە. ٢- کاتێك دو یەکە هیچ دەقێکی هاوبەشیان نییە، ئەوا ( لەدابەشبوونی تەواوکەرانە)دان. ٣- لەنێوان هەردو جەمسەرەکەی دابەشـبوونی هـاونرخ و تەواوکەرانە، جۆرێـك هاونرخی/هاوتـایی کەمەکـی جیـاکراونەتەوە: ١- دابەشـبوونی یەکەیەك دابەشبوونی یەکەیەکی دییکە لەناوخۆیدا هەڵدەگرێت، بەبێ ئەوەی بەتەواوی هاونرخ و هاوتای بێت، ئەمەیان بە (پەیوەنـدی لەنـاوخۆدا هەڵگرتن) ناسـراوە ٢- دابەشـبوونی یەکەیەك یـان زۆرتـر دەتـوانن یەکتـری ببـڕن، بـۆیە نـاوی ( دابەشـبوونی یەکتـر-بـڕ، یـان دابەشـبوونی کەوتنەسـەریەکی کەمەکـی) لێنراوە.) (حەمە سەعید، ۲۰۰۸، ل٢٥-٢٦)(Hemeseaid, 2008, p25-26)

لەکاتی بەکارهێنانی پیتەکانی زمانی کوردیدا توشی گرفتی نووسین دەبینەوە، بەوەی هەنـدێك دەنـگ وەك فۆنێم دیاریکراوەو گرفتی زۆری بۆ بەکارهێنەرانی دروستکردوەو شێوەی جیاوازی بەکارهێنـانی لێکەوتوەتەوە، ڕاوبۆچونی جیاوازی زمانەوانان گرفتەکەی ئاڵۆزتر کردوە، هەوڵدەدەم لەم لێکۆڵینەوەدا ڕای هەندێك لەزمانەوانان بخەمەڕو، لەکۆتاییدا دەرئەنجامی بۆچونەکان پەسەندترین بۆچـون، بەپێـی زانستی وەك دروستی ڕێنووسی دیاریدەکرێت.

١- هەمزە ئ : ئەم پیتە زمانەوانان بەپیتی ڕەسەنی کوردی دانانێن، هەربـۆیەش بەلاتینـی هێمـای بـۆ دانەنراوە، هەرچەندە لەهەندێك وشەدا لەسەرەتاو ناوەڕاست و کۆتاییدا بوونی هەیە، لەلایەکی تریش ئەو هۆکارانەی، کە پێیانوایە ئەم پیتە فۆنێمی زمانی کوردی نییە، ئەوەیە کە:

١- ئەو وشـانەی بەم پیـتە دروسـتدەبن ژمارەیـان کەمە، بەتـایبەت ئەو وشـانەی، کە لەناوەراسـت و کۆتاییدا بەم پیتە دروستدەکرێن، چەند وشەیەکی کەمن.

٢-بەلابردنـی واتـای وشـە تێکناچێـت، وەك ( ئـازاد- ازاد، ئـارەزو- ارەزو، ئـاو- او، نەء - نە، قورئـان- قوران، ئۆخەی- ۆخەی) لەدو وشەی کۆتاییدا دەربڕین لەسەر قسـەکەر قورسـدەبێت، ئەمەش وا دەکات قسەکەر بۆئاسانی دەربڕین پیتەکە دەهێنێتە ناو وشەکەوە.

٣- لەدروستکردنی وشەی دارێژراوو لێکدراودا دەکرێت هەمزە لابرێت، ( کاتێك پێش پیتی هەمزە نەبزوێن بێت، بۆنمونە: کارئاسانی - کاراسانی، ماڵئاوایی - ماڵاوایی، کارئەندامزانی - کارەندامزانی، تولئامراز — تولامراز، کەمئەندام - کەمەندام، رۆژئاوا - رۆژاوا، خۆرئاوا — خۆراوا) بڕوانە: (زانستپەوەروەرانی کورد، ٢٠١٤، ل٧-٨)(Zanistperewarani Kurd 2014, p7-8)، (هاشمی، ٢٠٠٣، ل٧-٨)(Hashmy, 2003, p7-8)

٤- ( گۆڕینی هەمزە بە بزوێن لەو وشانەی لەزمانی عەرەبیدا وەرگیراون، وەك: دائیرە- دایەرە، دائیم- دایم.) (حاجی مارف، ١٩٩٨، ل٨٣)(Haje Marf, 1998, p83)

د. ئەورەحمان ڕای وایە هەمزە دەنگە، بەڵام فۆنێم نییە. د. وریا عومەر ئەمین دەربارەی هەمزە بۆچونی وایە، کە سروشتی نووسینی کوردی بەئەلفبێی عەرەبییە، بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندوە، هەروەك چۆن بزرۆکەی لەناوبردوە، د محەمەد مەحوی ڕای وایە، کە ئەو دەنگانەی لەهەندێك وشەدا هەن، لەبنەڕەتدا عەرەبین فۆنەتیکیین نەك فۆنێم و بە ( پێرەوە کەنارییەکەی فۆنێمەکان) ناویدەبات، د. بەکر عومەر علی پێیوایە، هەمزە فۆنێم نییە، بەڵکو دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکی (دەنگی)یە، یاریدەدەرە بۆ دەرکەوتنی ڤاوڵەکان لەسەرەتادا، ئەم بۆچونەشی لەسەر ئەم بنەمایانە، کە هەمزە بە فۆنێم دانانێت، ئەوانیش:

١- وشەی (ئازاد) دو (ا)، کە لەدو برگەدا هاتون، وەك یەك وان و وەك یەك دەخوێنرێنەوە، بەمەش ئەو هەمزەیە، کە لەسەرەتادایە فۆنێم نییە و دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکییە.

٢- لەوشەی لێکدراودا هەمزە لادەچێت، بۆنمونە ( قوڕ+ ئاو= قوڕاو) بەمەش نابێتە فۆنێم.

٣- لەیاسای فۆنۆلۆژیدا دو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نایەت، ئەگەر هەمزە فۆنێم بێت، لەم دو وشەیەدا بزوێنی کورت لەناو نەدەچو دەمایەوە، بەڵام بەلێکدانی ئەو دو برگەیە یەکێك لەڤاوڵەکان لەناوچون، هەمزەش هیچ دەرکەوتەو رۆڵێکی نەبوە، بۆنمونە: لە+ئەوبەر= لەوبەر، لە + ئێرە= لێرە.

٤- واتای وشە ناگۆڕێت. (عەلی، ٢٠١٣)(Ali, 2013)

لیژنەی دەستوری زمانی کوردی و نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو هەمزە وەك فۆنێم هەژماردەکەن، نەریمان عەبدوڵڵا پێیوایە، کە هەڵەکراوە زمانەوانان بۆ ئەم دەنگە هێمایان بەلاتینی بۆ دانەناوەو دەڵێت ( لەبری ئا، ئۆ— o, a تەنیا یەك پیت دەنووسرێت، کەچی هەریەکەیان بریتییە لە دو دەنگی سەربەخۆو چ جیاوازییەکیان لەنێوان ( دا، دۆ)دا نییە. ئەمەش بەڵگە دەهێنێتەوە بەوەی، کە لەهەندێك کرداری ڕانەبردوو داخوازیدا پیتی هەمزە لەناوەڕاستەوە هەیە، وەك دەئاخێوێ، بئاخێوە،

**قورئـان، نەء. [*]) بـڕوانە: (خۆشـناو، ٢٠١٣، ل٢٩-٣٠)(Xoshnaw, 2013, p29-30)، (لیـژنەی دەسـتوری زمانی کوردی، ١٩٨٥، ل ١١-١٣)(Kurdish Grammar Committee, 1985, p11-13)**

**بەپێی ئەو بەڵگانەی کە نووسراون و دیاریکراون بە تێبینی لەسەر هەموو ئەو وشانەی، کە پیتی هەمزەی تێدا دەردەکەوێت (ئینجانە، ئەنجەل، ئینجا، ئەنجام، ئەندازە، ئینسان) بەگشتی لەگەڵ بزوێندا دێت، بۆئاسان دەربڕین هاتوەتە ناو زمانەوە، نەك وەك فۆنێمێکی زمانی، لەوشەی ( دەئاخێوریێت)یشدا زیاتر وەك دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکییە بۆ ئەوەی دو بزوێن بەدوای یەکدا نەیەت و ئاسان لەزار بێتەدەرەوەو قسەکەر ماندو نەکات، نەك وەك بەڵگەیەك بۆ بوونی فۆنێمی، چونکە هیچ یاسایەکی شیکردنەوەی فۆنیمی نایگرێتەوە، ( ئەگەر بمانەوێت بەکوردی ناوێکی بۆدابنێین دەکرێت، بڵێین کە ( ئاوەڵبزوێن) ناوێکی گونجاوە بۆی.) (هاشمی، ٢٠٠٣، ل٧)(Hashmy, 2003, p7) کەواتە دەرئەنجام هەمزە فۆنێم نییەو تەنها دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکی هاوەڵبزوێنە[**].**

**٢-پیتی /ڕ/،/ر/: زۆرکەم بەکارهێنەرانی زمان بایەخ بە دروستبەکارهێنانی ئەم دو پیتە دەدەن و لەگەڵ یەکتردا تێکەڵیدەکەن، بەبێ بایەخدان بەوەی، کە دو هێمای جیاوازن و دو دەربڕین و دەنگی جیاوازن. پیتی (ڕ) لەسەرەتاو ناوەڕاست و کۆتاییدا بوونی هەیە، بۆنمونە: ڕاستی، فڕین، پەڕ، بەڵام لەزماندا پیتی (ر) لەسەرەتادا نابینرێت، تەنها لەناوەڕاست و کۆتاییدا دەبینرێت، بۆنمونە: پرسیار، کەواتە دەبێت بەکارهێنەرانی کورد ئەم ڕاستییە بزانن، کە نابێت پیتی (ر) لەسەرەتادا بنووسن.**

**٣-گرفتی نووسینی پیتی /و/ و /وو/ [*] گرفتێکە، کە هەمووانی لە ڕێنووسکردنیدا گرفتارکردوە، ئەمەش لەئەنجامی نەبوونی یەك بڕیاری دروست و ڕاوبۆچونی جیاوازو پەسەندنەکردنی بۆچونی دروست و زانستی لەمبارەیەوە وایکردوە، کە نەك تەنها خوێندکاران بەڵکو زمانەوانانیش کەوتونە ناو دو شێوە بەکارهێنانەوە. زۆر لە زمانناسان /وو/ بەپیت دادەنێن، لەوانە (مەسعود محەمەد، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، تۆفیق وەهبی، بەکر عومەر)، تۆفیق وەهبی ( /وو/ بەحەرەکەی لێکدراوی دادەنێت، کە لەدو دەنگ سازدەبێت.) (وەهبی، ١٩٢٩، ل٨)(Wehby,1929, p8)، محمد معروف فەتاح**

---

[*] بۆوەلامی ئەو پرسیارانە د ئەوڕەمانی حاجی مارف بەوردی ڕونیکردۆتەوە، بڕوانە حاجی مارف (١٩٨٥: ٨٣-٩٠) see Haji Marf (1998:83-90).

[**] لەبەرئەوەی بابەتە ڕیزمانییەکان بەمشێوەیە داڕێژراون هەروەها پیتی / ه / فۆنێمێکی زمانییە، وا بە پەسەندی دەزانم بوترێت هاوەڵبزوین نەك ئاوەڵبزوێن، هەروەك هاوەڵناو، هاوەڵکردار.

[*] بۆ چارەسەری دوو پیتی (وو) کە گرفتی زۆری دروستکردوە، ( پێشنیازدەکەین وەك نیشانەی ( ٧) کە لەپیتی (ۆ)دا هەیە، ئەم نیشانەیە لەژێر (و)دا دابنرێت، یان نیشانەی (ا) لەژێر (و)دا دابنرێت. ئەکادیمیای کوردی(٤)Kurdish Academy(4)، کەئەمەش گرفتی تری بەدوادادیت.

**پێیوایە ( کارێکی نازانستییە نیگاری پیتێك بریتی بیت لە دوبارەبوونەوەی پیتەکە، دەڵێت ئەم دەنگە لێکچوە دوپاتبوانە هەموویان هەر یەك فۆنێمن.**[**])(فەتاح، ١٩٩٠، ل٥٨)(Fatah,1990, p58)**

**بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی بوونی فۆنێمی /وو/ واپەسەندە لێکۆڵینەوەو یاساکانی پسپۆڕان و زمانەوان بخرێتەڕو، کە لەمبارەیەوە شیکردنەوەیان کردوە، کە لەم چەند خاڵەدا دەستنیشاندەکرێن، لەکۆتاییدا دەرئەنجامی شیکردنەوەکان دەردەخەین.**

**ا- مەرجەکانی شیکردنەوەی فۆنێمی بریتیین لە:**

**١- بەگشتی دو فۆن لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، کە ئەلەفۆنی یەك/هەمان فۆنێمن، بەواتا نەتوانن لەیەك/هەمان دەوروبەردا ڕوبدەن و دەربکەون و بەمپێیەش نەتوانن هەمبەر بەیەك بوەستنەوە.**

**٢- حاڵەتی سەرەکی بۆ "هەمبەر- بەیەکوەستانەوە" "دابەشبوونی هاوتەریبیی"ە، وەك /خێڵ، ساڵ، توڵ، تووڵ/**

**٣- ئەلەفۆنەکانی لەدابەشبوونی تەواوکەرانەدان، پێویستە لەیەکچونی فۆنەتیکییان هەبێت. (حەمە سەعید، ٢٠٠٨، ل١٨٧)(Hemeseaid, 2008, p187)**

**بەپێی ئەم مەرجانە هەر دو دەنگی /و/ ،/وو/ هەمبەر بەیەك وەستانەوەیان تەنها لەیەك وشەدا دەبینرێت، بۆنمونە: / پیر، پور، پوور/ ،/ کوڕ، کووڕ، کەڕ، کۆڕ، کڕ/ ، / ناسین، نوسین، نووسین/ ، /بێ، بۆ، بو، بوو، با، بە، بی/ ، لێرەدا دەبینین هیچ جیاوازییەك لە نێوان /پور/:/پوور/ ، /نوسین/:/نووسین/، /بو/:/بوو/دا نییە، تەنها جیاوازی لەنێوان / کوڕ/ :/کووڕ/ دا هەیە.**

**ب- ڤاوڵەکان تەنها جیاوازییان لەخاوی و گرژیدا نییە، بەڵکو لەکورتی و درێژی ڤاوڵەکانیشدا جیاوازن، شیکردنەوی ئەم جیاوازییەش لەچەند خاڵێکدا دەخەینەڕو:**

**جیاوازی لەکورتی و درێژی ڤاوڵەکاندا، کە (بە (چەندێتی ڤاوڵەکان**[**]**) ناسراوە، ئەمە لەنووسینەوەدا لەڕێی دو خاڵی لەسەریەکەوە لەپاش هێمای/ڕەمزی ڤاوڵەکە نیشانەکراوە، لەزمانی کوردیدا دەستە ڤاوڵەکانی [Û] و [u:] لەگەڵ [Î] و [i:] لە بڕگەکانی cvcc ,cvc داو لەو بڕگانەدا، کە قورساییخراوەتە سەر یان نا، دابەشبوونێکی تەواوکەرانەیان هەیە، بەواتا فۆنێم نین و گچکەترین دەستە/جوت-وشە دروستناکەن، لەکاتێکدا >کون< ،> کوڕ< قورساییان لەسەرنییەو یاسائاسا ڤاوڵەکەیان کورتە ( بەراوردی بکە لەگەڵ > کووڕ< و >لووت< لە >لوتکە< >لووتکە<دا) ڤاوڵەکان**

---

[**] ئەورەحمانی حاجی مارف هەمان بۆچونی هەیە، دەڵێت هەڵەیە دەنگێك هێزی لەسەر بێت دوجار پیتەکە بنوسرێت. بڕوانە: (حاجی مارف، ١٩٩٨، ل٩٢)(Haje Marf, 1998, p92)

[**] دەنگی چۆنەکی ئەو دەنگانەن دەوترێن و مانا دەگۆڕن، دەنگی چەندێتی ئەو دەنگانەن دەوترێن، بەڵام مانا ناگۆڕن و وشە لەیەك جودا ناکەنەوە.

لەوشـــەکاندا یاسائاســا قورســاییان دەخرێتەســەرو قورســایی وەردەگــرن.) (حەمە ســەعید، ٢٠٠٨، ل١١٧)(Hemeseaid, 2008, p117)

- دەربڕینــی درێــژی ڤاوڵەکــان پەیوەنــدی ســەرەکی بە قوساییخستنەسەر/سترێســەوە * هەیە، چەشنەکانی قورساییخستنەسەر، بریتیین لە:

١- وشــە یەك بڕگەییەکــان لەفەرهەنگــدا نیشــانەکراون، کە قورســایی ناخرێتەســەر یــان قورســایی وەرناگرن، تەنانەت ئەگەر لەوشەی مۆرفۆلۆژیشدا ( هەڵگوێزراو و لێکدراو) بن، /کون، کوڕ،...../،

٢- وشــە هەن هەر لەفەرهەنگــدا بــۆ ئەوە دەستنیشــانکراون، کە قورســایی دەخــرێتە ســەریان، بــۆیە هەرگیز یان زۆر دەگمەن قورساییەکانیان لەدەست دەدەن. / پییــر، دوور، کووڕ، ســوور،....)، دەتوانرێت بگوترێت، کە درێژی ڤاوڵەکان هەڵگری زانیاری نییە، بەڵکو کە قورســایی (-خستەسـەر) ئەو زانیـارییە دەردەبرێت: نەبوونی قورسایی لەسەر /کوڕ/ واتـای(کوڕ) و /دوربـین/ واتـای ( ئـامێری بینینـی چشـتی دور، بەقورساییەوە /کووڕ/ واتای (چەماوەو لێژ)ە و /دووربیـین/ واتـای ( کەسـی پێشبینیکەر)، دێـت.) (حەمە سەعید، ٢٠٠٨، ل١٨٦)(Hemeseaid, 2008, p186)

- یەکێکی تر لە بەڵگەکانی بوونی قورسایی لەسەر دەنگی /و/ ئەم یاسایەیە، کە یاساکە دەڵێـت: ( /ی، و/ لەهەر بڕگەیەکـی کـراوە یـان بەیەك کۆنسـنانت داخـراوی قورساییخراوەسـەردا بـن، درێژ بەرجەستەدەکرێت، ئەگەر قورسـایی (سـەرەکی یـان لاوەکـی) لەسـەربێت. ئەمە یاسـایەکی گشتگیری گشتییە، بەگوێرەی ڤاوڵەکە درێژتر دەردەبڕیت، ئەگەر ئەو کۆنسنانتەی کە بڕگەکە دادەخات، زڕنگـدەرەوە یـان خشـۆکی دەنگـداربێت، پەیوەسـت بە /کوڕ/:/کووڕ/ و /دووربیـین/: /دوربین/ ەوە کۆنسنانتی کۆتایی /ر/،/ڕ/ ەو یاساکە تەنها ئەم حاڵەتە دەگرێتەوە، بۆ ئەمە دو چارەسەر هەیە: بۆ زمانی نووسین ئەگەری دوو ڕێسامان هەیە:

١- یان ڤاوڵەکەی، کە قورسایی لەسەرە بە دوو ڕمز دەنووسین (> سوور>،<سییر<) یان

٢- هەر بەیەك ڕەمز دەینووسین و نیشانەی قورسایی لەسەر ڤاوڵەکە دادەنێین ( <سوˈر>،<سیˈر> ). لێکـۆڵەر ئۆرســۆگرافی یەکەم بەپەســەند دەزانێــت و کاریپێــدەکات.) (حەمە ســەعید، ٢٠٠٨، ل١٨٨-١٩٢)(Hemeseaid, 2008, p188-192)

---

*هێز بە دەرخستنی دەنگێك یان بڕگەیەك یان وشەیێك دەوترێت، کە لەڕێگەی تیندان بە گرژبوونی ماسولکەو تەوژمی وزەی هەواوە، یان گۆڕینی ڕادەی بەرزی دەنگەوە ئەنجامدەدرێ، یان هێز زیادە وزەیەکی دەنگییە لەپڕ لەسەر یەکێ لەبڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدا، هێز قورساییەکە دەخرێتەسەر بڕگە، واتە هێز سەر بە ئاستی مۆڕفۆلۆژییە،.بڕوانە (حاجی مارف، ١٩٩٨، ل٢٨٢) (Haje Marf, 1998, p282)بۆزانیاری زۆرتر لەسەر هێز بڕوانە: (حەمە سەعید، ٢٠١٦، ل١٦٧-٤٣٢)(Hemeseaid, 2016, p176-432)

*/کورِ/و/کوورِ/* بەهۆی جیاوازی لەدرێژی ڤاوڵەکاندا بۆ دەرخستنی بەرانبەر بەیەك وەستانەوەی نێوان وشەکانە، ( لەزمانی کوردی دەستە جوتی وەك >کورِ<و >کوورِ< دەدۆزیتەوە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی دابەشبوونی تەواوکەرانەی ڤاوڵی کورت و درێژەکانی سەرەوە بە بڕیاری پێشوەختە بڵێم، کە گشت ڤاوڵەکانی پێڕەوی فۆنۆلۆژی زمانەکەمان کورت:گرژن، بەواتا ڤاوڵەکان گشتیان لەبڕگەی (c)cv(c) قورساییخراوەسەردا درێژدەبنەوە، کە درێژی ڤاوڵەکانمان فۆنەتیکین، بەگشتی لەهەردو چەشنی بڕگەکانی (c ) cv (c) و (c ) vc (c) درێژدەردەبڕدرێن، ئەگەر قورسایی لەسەر ئەو بڕگەیە بێت، کە یەکێك لەم ڤاوڵانەی تێدایە، بەپێی ئەم ڕونکردنەوەیە درێژی:کورتی ئەم ڤاوڵە وابەستەی چەشنی بڕگە- بڕگەی کراوە، بڕگە بەیەك کۆنسنانت داخراو، بڕگەی بە دو کۆنسنانت داخراو نین، ئەم ڤاوڵانە لەهەندێك بڕگەدا کە قورساییان لەسەرەو بە زرنگدەرەوەیەك کۆتاییانهاتوە.). بڕوانە: (حەمە سەعید، ٢٠٠٨، ل١١٨-١١٩)(Hemeseaid, 2008, p118-119)

بەپێی ئەم چەند خاڵەی (ب) فۆنێمی */وو/* لە ئەنجامی قورساییخستنەسەر دروستبوە، نەك پێویستییەکی فۆنیمی، بەمەش نابێتە بەڵگە بۆ دانانی وەك فۆنێم و بەکارهێنانی لەنووسیندا.

پ- د. بەکر عومەر عەلی لەلێکۆڵینەوەیەکدا، کە پێیوایە دەنگی */وو/* لەزمانی کوردیدا تەنها دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکییە، بەم بەڵگانە دەیخاتەڕو :

- ئەگەر لەسەرەتادا فۆنێمی */وو/ی* درێژ هەبێت، ئەوا:

١- بڕگەکان بەمشێوەیان لێدێت، ووشە ( وو- شە)، ووریا (وور- یا)، ئەگەر ئەم شێوازە ڕاست بێت، ئەوا یاسای بڕگە دەگۆڕێت، بەوەی کە بڕگە بۆی هەیە، بەڤاوڵ دەستپێبکات، بڕگە دەتوانێت بەیەك ڤاوڵ دروستبکرێت.

٢- ئەگەر وادابنرێت ئەو دو */وو/* یەکێك کۆنسنانتەو یەکێك ڤاوڵە، هەڵەیە چونکە خۆی لەبنەڕەتدا یەك پیتە، کاتێك بەلاتینی دەنووسرێت، دەبێتە یەك فۆنێم /u/ ئەو کات کۆنسنانت و ڤاوڵەکە کوان؟

- ئەگەر لەناوەڕاستدا فۆنێمی */وو/* هەبێت، ئەوا یەکێك لە خاڵەکانی فۆنێم گۆڕینی واتایە لەزمانی کوردیدا، جگە لەوشەی */کوورِ- کورِ/*، کە بەهۆی درێژی و کورتی دەربڕینەوە دروستدەبێت، لە وشەی تردا واتا ناگۆڕێت، بۆنمونە:

*/ دور-دوور، سوور- سور/.* لەکرمانجی ژوردا هەر بە */و/ی* کورت دەنووسرێن، لەزمانی کوردیدا هیچ کردارێك نییە، بە ئالوگۆڕکردن فۆنێمی */وو/*، */و/* واتا بگۆڕێت.

- ئەگەر بوترێت لەکۆتاییدا فۆنێمی */وو/* هەیە، ئەوا:

١- بۆنمونە وشەکانی ( خانوو، دوو، زوو) هەرکات مۆرفێمی دیاریکردن و دیارینەکردن و کۆ (ەکە، ێك، ان) بخەینەسەر کێشەیەك سەرهەڵدەدات، کە دو بزوێن نابێت بەدوای یەکدا بێت، ( دووان، دووێـــك، دووەکـــان، خـــانووان خـــانووەکە، خانووێـــك)، یەك بـــڕگەن بەیەك تەوژم دێتەدەرەوەو دو بڕگە نین.

٢- ئەگەر وادابنرێت ڤاوڵێکیان، کە واوە درێژەکەیە دەگۆڕێت بۆ واوی کورت لەهیچ یاسایەکدا نییە، کە ڤاوڵی کورت ڤاوڵی درێژ لەناوبەرێت*.

٣- وادابنرێت، کە قسەکەری کورد هەست بەدرێژی ڤاوڵەکان دەکات لەکۆتاییدا، ئەمە یاسای زمانە، کە ڤاوڵ لەکۆتای وشەدا سترێس دەکەوێتە سەر ڤاوڵ و درێژ دەردەبڕێت لەکاتی وتن و بانگکردن.

٤- ئەگەر دو واوەکەش جیابکرێتەوە، هەڵەیە چونکە بەلاتینـی یەك دەنـگە، یەك دەنگـیش کەرتناکرێت.

٥- سێ واویش نیە، کە گوایا دەوترێت سێ واوەو یەکێك لەبەر ناشرینی لەناوچوە**، چونکە بەلاتینی دەردەکەوێت duwan , duan کەواتە کێشەی دو بزوێنەکە هەر ماوە، ( بوو-و-ایە ) بەڵام بەپێی تەوژمی هەوا بەمشێوەیە (بوا-یە).

٦- هەڵەکە لە دروستکردنی ڕابردوی نزیکە ( ڕەگ+وو+ە) بۆنمونە:

کڕیووە لێرەدا ( ك-ڕی-ووە)، کێشاووە (کێ-شا-ووە)، بەمەش دەبێت ڕابردوی تەواو یاساکەی بەمشیوەیە بێت، ( ڕەگ+و+ە)، هێناووە (هێ-نا-ووە) لێرەشدا دو بزوێن بەدوای یەکدا دێت، بەیەك/و/ کێشەکە نامێنێت (هێ-نا-ومە)، (هێ-نا-وە)، کڕیوە ( ك-ڕی-وە)، کێشاوە (کێ-شا-وە)، هەندێك کردار بۆ پێداویستی بڕگە ڤاوڵێك دێتە ناوەوە وەك ناوبەند، بۆنمونە: (خوار-دو-ە ، کەو-تو-ە ) دەبێتە (خواردووە، کەوتووە).

- سازگەی دەرچون و دروستبوونی /و/ ی کورت و درێژ هەمان سازگەیە. بڕوانە: (عەلی، ٢٠٠٥، ٩-١٧)(Ali, 2005, 9-17)

لەدەرئەنجامی ئەو خاڵانەی، کە دەربارەی کورتی و درێژی /و/ خراونەتەڕو، وەك بەڵگەیەکی بەهێز دەگەیـــنە ئەو ئەنجـــامەی، کە ئەو وشـــانەی بە دو /و/ دەنووســـرێن، تەنهـــا بەهـــۆی ئەوەیە، کە

* یاسای فۆنۆلۆژی بریتییە لە ا- هاتنی نیمچە ڤاوڵ دوو+و+ان ب- یەکێك لە ڤاوڵەکان تیادەچێت پارە+ ەکە، پ- تیاچونی هەردو ڤاوڵەکەو هاتنی ڤاوڵی نوێ خانوو+ ەکە= خانۆکە. بڕوانە: (عەلی، ٢٠٠٥)(Ali, 2005)، بۆ گۆڕینی واوی درێژ بۆ واوی کورت بڕوانە: (لیژنەی دەستوری زمانی کوردی، ١٩٨٥، ل ٦٩)(Kurdish Grammar Committee, 1985, p69)

** ( بەڕوو+ەکە= بەڕووەکە، دو بزوێن بەدوای یەك نایەت (و)ی ناوبەند دادەنرێت، سێ (ووو) لەتەنیشت یەك جوان نییە لە نوسیندا بۆیە یەکێ لە (و)ەکان لادەبرێت و بەلادانیان هیچ لە واتای وشەکان ناگۆڕێت.) بڕوانە: (سەعید، ٢٠١٣، ل٢٩) (Seaid, 2013, p29) ، لەنووسیندا جوانی و ناشرینی بوونی نییە، بەڵکو یاسا ڕۆڵدەبینێت.

قورسایی/هێزی سەرەکی لەسەر دەنگەکە دروستیدەکات، هەر یەکێك لەو خاڵانەش ئەوە بەتەواوی ڕوندەکاتەوە، بۆیە /وو/ لەئەنجامی هێز دروستبوەو نابێت پیتێکی جیاوازی بۆ دابنرێت، پەسەندترەو گونجاوترە بۆ چارەسەری گرفتی دو شێوە نووسین، بە یەك /و/ بنووسرێت، لەفەرهەنگدا بەنیشانەدانان بۆ ئەو وشانە بۆ وەرگرتن و وەرنەگرتنی قورسایی چارەسەی گرفتی /و/ی درێژ بکات، نەك ئەوەی پیتێکی تری بۆ دابنرێت و گرفت بۆ بەکارهێنەرانی دروستبکات، پێویستە پێڕەوی زمان ساکار بکرێت، تا هەمووان بتوانن بەئاسانترین شێوە زمانەکە وەربگرن و فێرببن و بەکاریبهێنن، نەك هێندە ئاڵۆز بکرێت نەك بەکارهێنەرانی ئاسایی خودی زمانەکە، بەڵکو زمانەوانانی زمانەکەش نەتوانن جیاکاری بکەن. یەکێکیش لەیاساکانی پەسەندکردنی فۆنێم ساکارییە *، دەرئەنجام فۆنێمی /و/، /وو/دا تەنها فۆنێمێك لەنووسیندا بەکاردەهێنرێت، کە فۆنێمی /و/ ە، لەفەرهەنگدا بە دیاریکردنی نیشانە وەك نیشانەی قورساییخستنەسەر بۆ وشەکە دابنرێت.

## ٢|٢: بنەمای مۆرفۆلۆجی

بنەمای مۆفۆلۆژی یەکێکی ترە لەبنەماکانی دروستنووسین، کە دەکرێت بە بنەمایەکی سەرەکی دروستنووسینی دابنێین، کە گرنگی بە بەکارهێنانی لێکسیم و دیاریکردنی تایبەتمەندی و واتاو شێوەی نووسین دەدات، کە پێویستی و هۆکارێکە بۆ پێکهێنان و دروستکردنی فەرهەنگێکی ستاندارد. مۆرفۆلۆژی لقێکی زانستی زمانە، بریتییە لە (دیاریکردن و جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی (سەگمێنتەکانی) و بەدەستخستنی توخمە مۆرفۆلۆژییەکانی و چەسپاندنی یاساکانی پێکەوەهاتن و پێکەوەبەستنی گونجاوی ئەو پێکهاتانە.) (حەمە سەعید، ٢٠٠٨، ل٥) (Hemeseaid, 2008, p5)

زمانی کوردی گرفتی لە پێکەوەبەستن و بەجیا نووسینی وشەکان هەیە، هەرئەمەشە دەبینین چەندین جۆرو شێوازی جیاوازی نووسین لەلایەن نووسەران لە گۆڤارو ڕۆژنامەو میدیاکان و نووسراوەکانی حکومیدا دەبینرێت.

ئەو یاساو سیستەمانەی لەدروستکردنی مۆرفێمدا هەیە، بۆتە بناغەو بنەمای نووسینی ڕێنووسی دروست، کە پێکەوەنووسین و جیاکردنەوەیان گۆڕان لە واتای وشەو تێگەیشتندا دروستدەکات. بۆئەم

* زانایانی فۆنۆلۆژی کار بە سێ ڕێسای گشتی دەکەن: کە مەرجەکانی پەسەندکردن لەشیکردنەوەی فۆنێمەکاندا: ١- ساکاریی پێڕەو: پێڕەوەکە ساکاربکە، با ژمارەی فۆنێمەکانت کەمترین ژمارە بێت و چەشنەکانی فۆنێمەکانیشت کەمترین چەشنیان هەبێت. لەمەوە ئەو داواکارییە خۆی دەسەپێنێت، کە دەبێت لێکۆڵەر کار بۆ ئەوە بکات پێشبینی لەبەرجەستەکردنەکان بکات و یاساکان بۆ کەمکردنەوەی یەکەکان بەکاربهێنێت. ٢- سێمەتریی پێویستە لێکۆڵەر کار بە پێرەوی سیمەتری بکات. ٣- بۆ ئەوەی لیکۆڵەر ١و٢ بەدەستبخات، پێویستە بۆ هەمو جۆرەکان "یاسابەندیتی — پێڕەوبەندانە (کارکردن بە یاساو بە پێی پێڕەو) بەدەستبخات. (حەمە سەعید، ٢٠٠٨، ل٢٠٣-٢٠٤) (Hemeseaid, 2008, p203-204)

**مەبەستەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشکدەخرێتەسەر ئەو شێوە جیاوازانەی نووسینی مۆرفێم و وشەکانی زمانی کوردی، ڕاستنووسینی ئەو شێوە جیاوازانە دەخرێنەڕو، کە لەم چەند خاڵەدا دیاریدەکرێن:**

**١- نووسینی وشەی (ئەلفبێ) بەچەندین جۆر دەنووسرێت، ((ئەلف بێ، ئەلف و بێ، ئەلفوبێ) ئەم سێ وشەیە بۆ تەنیا وشەیەك بەکاردەهێنرێت، کە ئەویش دروستەکەی ( ئەلفبێ)یە، ئەمەش بەپێی ئەکادیمیای کوردی دانراوە، کە وشەی لێکدراو لەپلەی یەکەمدا بەبێ یارمەتیی هیچ گیرەکێك چێبکرێت، ئەگەر نەکرا بەهۆی ئامرازو گیرەکی وەك (و) کەڵکوەرگیرێت.). (هاشمی، ٢٠٠٣، ل٣)**(Hashmy, 2003, p3)

**٢- (ی) ناوبەند: نابێت هیچ کاتێك ناوبەندێك، کە دانرا لەگەڵ وشەکەدا سپەیس/ماوەی هەبێت، بۆنمونە:**

**سپی - سپییە (نەك سپیە، سپی یە)**

**چییە (نەك چیە، چی یە)**

**کوردی -کوردییە ( نەك کوردی یە)،**

**نی - نییە ( نەك نیە، نی یە)**

**ئاسایی** asayi **ئاساییە** asayiye **(نەك ئاسایی یە). (زانستپەوەروەرانی کورد، ٢٠١٤، ل١٠)**(Zanistperewarani Kurd 2014, p10)**، (هاشمی، ٢٠٠٣، ل٣)**(Hashmy, 2003, p3)**، ئەکادیمیای کوردی(١٠)** Kurdish Academy(10)

**٣- ( بەبێ، بێ): ئەمانە هەم وشەی سەربەخۆن هەم پێشگر، بۆنمونە:**

**بەبێ کار ژیان ئەستەمە.**

**لێرە وەك وشەیەکی سەربەخۆ هاتوە، بۆیە بەجیادەنووسرێت، بە فارسی بەواتای بدون، بە ئینگلیزی بە واتای** without **دێت، بەڵام کاتێك کە دەلکێت بەناوێکەوەو خاوەنێتی لەناوەکە سەندەوە ئەوە پێشگرە، ئەوکات پێکەوەدەنووسرێن، وەك:**

**بێماڵ ( نەك بێ ماڵ)، لە فارسی بیخانمان، لە ئینگلیزی وەك پاشگری** less **دەردەکەوێت،** homeless **یان وشەکانی: بێتام، بێکەس، بێوڵات. (زانستپەوەروەرانی کورد، ٢٠١٤، ل٢١)** (Zanistperewarani Kurd 2014, p21)

**٤- هەموو وشەیەکی لێکدراوو داڕێژراو پێکەوەدەنووسرێن نەك جیابکرێنەوە، دەبێت مەودا لەنێو وشەکەدا نەبێت، چونکە وشەیەکی نوێ پێکدێنێت و یەك واتا دەگەیەنێت، لەفەرهەنگ و وشەنامەشدا پێکەوەدەنووسرێن، بۆنمونە:**

بەهێز، بێکەس، هەڵکەندن، ڕۆحشیرین، بالابەرز، گولاندام، خاوەنماڵ، سەرۆککۆمار، ڕەشمار، شاژن، ئالوگۆڕ، گوڵەباخ، گوڵەگەنم، هێلکەوڕۆن، دەستوبرد، بەربانگ، گژوگیا، کاروبار، تەختەکلیل، گەردنبلور، خۆشباوەڕ، دەستنووس، دڵسوتاو، دەستخۆش، .........

٥- ئامڕازی بەراوردی (تر)، کە ئەکادیمیا بە (پەسەندەناو) ناویدەبات، لەگەڵ وشەی (تر) دەبێت بەهۆی نووسینەوە جیابکرێتەوەو تێکەڵنەکرێت، ئامڕازی بەراورد دەلکێت بەوشەکەی پێش خۆیەوە، وەك: ساردتر، خۆشتر. بەلام وشەی (تر)، کە هاوواتای (دی، دیکە[*]) دەگەیەنێت، وەك وشەیەکی سەربەخۆ بەجیادەنووسرێت، وەك: کارێکی تر). بڕوانە: (هاشمی، ٢٠٠٣)(Hashmy, 2003) (ئەکادیمیای کوردی Kurdish Academy)

٦- ڕۆژەکانی هەفتە پێکەوە دەنووسرێن، یەکشەممە (نەك یەك شەممە)، چونکە بە جیاکردنەوەی واتاکە دەگۆڕێت، بۆنمونە:

تەنها یەك شەممەی/ سێ شەممەی تر دەتبینم.

تەنها یەکشەممەی/ سێشەممەی تر دەتبینم. بڕوانە: (هاشمی، ٢٠٠٣)(Hashmy, 2003)

٧- زاراوە بە هۆکارێك و بارێکی زانستی دادەڕێژرێت و دروستدەبێت، پێویستە بڕیار لەسەر یەك زاراوەیی بدرێت، بۆنمونە: نابێت سێ زاراوە بۆ یەك بابەت دیاریبکرێت و هەڵەش بێت، وەك زاراوەی کردار[**] لە بواری سینتاکسدا دروست و تەواوە، (نەك کار، فەرمان) یان (هاوەڵکردار نەك هاوەڵکار)، بەلام بەداخەوە لەکتێبی پرۆگرامی خوێندندا ئەم زاراوەیە بەهەڵە بەکاردەهێنرێت و وایکردوە هەمووان ئەم هەڵەیە بەئەکادیمییەکانەوە [***]دوبارەبکەنەوە.

زاراوە زانستییەکانی وەك (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس،......) لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەر زاراوەکە وەك خۆی بەکاردەهێنریت بە فۆنەتیکی زمانەکەی خۆی، بۆیە لەزمانی کوردیشدا گرفت نابێت، ئەگەر زاراوەکە بە فۆنەتیکی کوردی وەك خۆی زاراوەکە بنووسرێت، یان وشەی نوێی کوردی بۆ بەکاربهێنرێت، وەك دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی.

٨- هەندێکجار لەئەنجامی ئابوریکردن و کورتبڕی لەکاتی ئاخاوتندا وشەکان کورتدەکرێنەوە، یان دەنگێك تێدادەچێت و دەتوێتەوە یان ئالوگۆڕ لەدەنگەکاندا دەکرێت، ئەم حاڵەتانە بۆ ئاخاوتن دەبێت، بەلام لەنووسیندا نابێت وەك ئاخاوتن بنووسرێت، چونکە بەو شێوازە وادەکات، وشەکان بەپێی کات لە

[*] زۆرجار (کە) ش بەکاردێت، کە کورتکراوەی (دیکەیە) نمونە: ڕۆژێکی کە = ڕۆژێکی دیکە. ئەکادیمیای کوردی(٧)Kurdish Academy(7)

[**] کردار بە واتای فعل، verb ، بەلام کار بە واتای عمل، work دێت بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کتێبی زانستی هێما، حەمەسەعید.

[***] ئەکادیمیای کوردی بەم شێوەیە نوسیویەتی ( کاتێ وشەیەك چۆنیەتی ( کار، فرمان، کردار = فعل) یێك ڕوونکاتەوە پێی دەوترێ ئاوەلکار). ئەکادیمیا بۆی ڕوننەبۆتەوە لەو سێ زاراوەیە کامیان بەکاربهێنێت، لەکاتێکدا زۆربەی نوسەران و مامۆستایان چاو دەبڕنە سەر نوسین و بڕیارەکانی ئەوان بۆ دروستنوسین لە زماندا، لەکاتێکدا خۆیان بڕیاریان نەداوە ئەم سێ وشەیە کامیان دروستە بەکاربهێنرێت.

واتـای خـۆی دووربکەوێـتەوە، گرفـت لە تێگەیشـتنی وشـەکان و نووسـینەکانی ئێسـتادا ڕوودەدات، بـۆیە دەبێت پارێزگاری لە وشەکانی زمان بکرێت و کرتاندن ڕوونەدات، بۆنمونە:

کورت + تر = کورتتر ( نەك کورتر)

پاك+کردنەوە = پاککردنەوە (نەك پاکردنەوە)

منداڵ (نەك مناڵ)

سەدپیاو ( نەك سەتپیاو)

ڕوانین ( نەك نوارِین)

ئاودان ( نەك ئاووان)

حەڤدە (نەك حەڤڤە)

کردتان ( نەك کرتتان)

حکومەت ( نەك حوکمەت)

لەعنەت ( نەك نەعلەت)

تەرزە ( نەك تەزرە)

هەندێك ( نەك هەندێ)، .......

٣/٢: بنەمای سینتاکسی

ڕستەسازی/سـینتاکس ئەو یاسـایانەیە، کە هەر زمـانەو بەپێـی زمـان و شـێوازو جـۆری ئاخـاوتن و دەربڕینەکەی یاساکان دروستدەکەن و دادەنرێن، هەربۆیەش هەر زمانەو یاسای سینتاکس خۆی هەیەو جیـاوازە لەزمانەکـانی تـر، پەیڕەوکردنـی یاسـا سینتاکسـییەکان پەیوەنـدی نێـوان هێمـا زمانییەکـان جێگیردەکـات و دەیانچەسـپێنێت. لەم چەنـد خـاڵەدا بنەمـا گشـتییەکان و گـرفتە ڕێنووسـییەکان و هەڵەنووسینەکان دیاریدەکەین:

١- یاسای سینتاکسی زمانی کوردی لە (بکەر+بەرکار+کردار) پێکدێت، گرنگە ئەم بنـاغەیە لەنووسـیندا ڕەچاوبکرێت.

٢- ئامرازی لێکدەری (و)*، کە بەئینگلیزی ( and) ئەرکی پێکەوەبەستنی دو وشە یان دو گـرێ یـان دو ڕستەیە، وشەکان دەکات بەوشەیەکی لێکدراوی یەك واتا، هەربـۆیەش پێویسـتە پێکەوەبنووسـرێن نەك بەجیا، بۆنمونە:

* لە کتێبی زانستپەوەروەرانی کورد و دیاکۆ هاشمی و ئەکادیمیای کوردیدا ئەم ئامرازە بە ئـامرازی پەیوەنـدی ناویـانبردووەو دەبێت نەلکێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە، چونکە بە وشەیەکی سەربەخۆیان داناوەو دەبێ سەربەخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت، لەکاتێکدا هـیچ جیاکارییەکیـان لەگەڵ ئامرازی لێکدەردا نەکردووەو ڕونکردنەوەی نەداوە، بەپێی بڕیاری ئەکادیمیا ( ئەگەر دو وشـەکە واتـای سـەربەخۆی خۆیـان هەبـو بە جیـا دەنوسـرین،( مـن و تـۆ، دار و بەرد) بەڵام ئەگەر یەك واتـای گەیانـد ئەوا (و) دەلکێـت بە وشـەی یەکەمەوەو جیانـاکریتەوە(.گفتوگۆ، کشـتوکاڵ).) لەکاتێکدا لە ئێستەدا ئامرازی پەیوەندی (و) نییە، (چوار زماناس، ٢٠٠٥)(Four Linguistics, 2005)، ئەم ئامرازە بە ئامرازی بەستنی (و)

سەروماڵ ( نەك سەر و ماڵ)

هیواوئاوات (نەك هیوا و ئاوات)

گورجوگۆڵ ( نەك گورج و گۆڵ)

لەرزوتا ( نەك لەرز و تا)

بەڵام ئەگەر (و) واتای (لەگەڵ)ی گەیاند، بۆنمونە:

(من و تۆ ) گەر لێرەدا بەواتەی من لەگەڵ تۆ بێت، ئەوا بەجیادەنووسرێت. یان دو ڕستەی پێکەوە بەستەوەو کرداری دو ڕستەکە وەك یەك بوون و بکەرەکەیان جیاواز بو، بۆ ئابوریکردن دو بکەرەکە دەلكێن بەیەكەوەو لەیەك ڕستەدا دەنووسرێن، بۆنمونە:

سیما رۆیشت. ژیار ڕۆیشت. دەكرێت بە (سیماو ژیار ڕۆیشتن.) لەم بارانەدا سەربەخۆ بەكاردێت و دەنووسرێت.

٣- ئامرازی خستنەسەری (ی)*، ئەم ئامرازە دەلكێت بە وشەكەی پێش خۆیەوە، ئەوەی گرفتی نووسینی ئەم ئامرازە بێت ئەوەیە، كە بەكارهێنەران گرنگی و بایەخ بە وردەكاری نووسین نادەن و زۆر بە سادەیی ئەم ئامرازە دەقرتێنن و ناینووسن، كە ئەمەش جگە لە هەڵەی نووسین هەڵەی شیكاری ڕێزمانیشی لێدەكەوێتەوە، زۆرجار هەڵەی واتاییش دروستدەكات، بۆنمونە: ئەم دو دەستەواژەیە

( ( كوردی سلێمانی، كوردیی سلێمانی) گەر وشەی (كورد، كوردی) وەك یەك بنووسین، ئەوكات هەڵە تێگەیشتن ڕودەدات، ( كوردی سلێمانی واتا خەڵكی كوردی سلێمانی، بەڵام كوردیی سلێمانی واتا زمانی كوردی سلێمانی ). بڕوانە: (هاشمی، ٢٠٠٣)(Hashmy, 2003)

بە دروستنووسین ئەم هەڵە واتاییە دروستنابێت، (ی) ئامرازی خستنەسەر كاتێك وشەكەی پێش خۆی بە (ی) **كۆتایی دێت، دەبێتە دو (ی)، وەك:

نەخۆشیی شەكرە ( نەك نەخۆشی شەكرە).

٤- ئامرازە پەیوەندییەكان*** لەگەڵ ناوەكەی دوای خۆیدا ئەگەر ئەركی سینتاكسی وەرگرت، ئەوا بەبێ سپەیس/مەودا بنووسرێن****، بۆنمونە:

---

وەك وشەیەكی سەربەخۆی دادەنێت، وەك ( من و تۆ) ئەورەحمانی حاجی مارف (و)ی پەیوەندی باسكردوە بەبی هیچ نمونەیەك. بڕوانە: (حاجی مارف، ١٩٩٨، ل١٣٦-١٣٧)(Haje Marf, 1998, p136-137)

* بەهەمان شێوە لە كتێبی زانستپەوەروەرانی كورد و دیاكۆ هاشمی و ئەكادیمیای كوردیدا ئەم ئامرازە بە ئامرازی پەیوەندی ناویانبردوەو هیچ جیاكارییەكیان لەگەڵ ئامرازی خستنەسەردا نەكردوەو بەبەڵگەی هەمو نمونەكان، كە هێنراونەتەوە وەك یەكن و ئامرازی خستنەسەرن نەك پەیوەندی، وەك (داری بەرز).

** پیتی (ی) بە پێی ئەكادیمیای كوردی ( ئەگەر وشەیەك بە پیتی (ی) كۆتایی هات و لە پێش پیتی (ی) نەبزوێن بوو، دەبێت هەر بە (ی) بنوسرێت، وەك: كوردی نەك كوردیی، سلێمانی نەك سلێمانیی، بەڵام ئەگەر لە پێش پیتی (ی) كۆتایی وشە بزوێن بوو بە (یی) دەنوسرێت، نمونە: ڕەشایی، كۆتایی، دوایی، بڕوانە: (هاشمی، ٢٠٠٣)(Hashmy, 2003)

لەسلێمانی، لەفرۆکەدا، بۆشانۆگەری، لەگەڵ، لەسەر، لەناو، ......

٥- نیشانەی دیاریکردن و دیارینەکردن[*****] ( ەکە، ێك، یەك) ئەم نیشانەیە کاتێك بەبزوێنی (ی) کۆتایی دێت، بزوێنەکە دەخرێتە شوێنی ناوبەندەکەو جگە لە هەڵەی نووسین هەڵەی یاسای بڕگەو ڕێزمانیش دروستدەبێت، بۆنمونە:

کوردی- کوردییەکە (نەك کوردیەکە)

شادی- شادییەکە ( نەك شادیەکە). ). بڕوانە: (هاشمی، ٢٠٠٣)(Hashmy, 2003)

٦- جێناوی لکاو/کلیتیك زۆرجار بەکارهێنەران جێناوی لکاو یان بەشێکی دەقرتێنن یان لەکاتی گەردانکردندا، کە کردارەکە لێکدراو یان داڕێژراو بێت، یان کردارەکە بە پیتی (ی) کۆتایی هاتبێت، جێناوە لکاوەکە نانووسن، بەهۆی ئەوەی تاك لەئاخاوتندا کورتبڕی دەکات و دەرینابڕێت، بۆیە لەنووسینیشدا بەهەمان شێوەی دەربڕین دەنووسرێت، کە ئەمەش هەڵەی ڕێزمانی و واتایی دروستدەکات، بۆنمونە:

لەرزی- لەرزیی، لەرزیین (نەك لەرزی، لەرزین)

ڕنی- ڕنیی، ڕنییان ( نەك ڕنی، ڕنیان)

توانی- توانیی، توانییان ( نەك توانی، توانیان)

دەفرۆشێت (نەك دەفرۆشێ)، ڕۆیشتیت ( نەك ڕۆیشتی).

٧- چاوگی داڕێژراوو لێکدراو، کە یەك واتای هەبو، بەهەمان شێوە دەبێت پێکەوەبنووسرێن نەك بەجیا، چونکە واتایەکی نوێ و سەربەخۆ دروستدەکات، لەفەرهەنگدا وەك یەك وشە دادەنرێت، نابێت دوای گەردانکردن جیایبکەیتەوە، بۆنمونە:

سەرکەوتن (سەردەکەوم - سەرکەوت — سەردەکەوت- سەرکەوتبو)

پێکهاتن ( پێکمهێنا، پێکدەهێنم، پێکمهێناووە)

نانخواردن ( نانمخوارد، نانماندەخوارد، نانخەخۆین)

تێکدان، وێکچون، لێدان، پێوتن، لێسەندن، ........

٤/٢: بنەمای سیمانتیکی

---

[***] هەندێك پێشگر بە ئامرازی پەیوەندی دادەنرێت، کەلەبنەڕەتدا پێشگرن و وشەی نوێیان دروستکردوە، بۆ نمونە: بەجەرگ، بەهێز

[****] هەرچەندە دیاکۆ هاشمی زانستپەروەرانی کورد، ئەکادیمیا، بەدران ئەحمەد حەبیب، دەڵێن کە دەبێت بەجیا بنوسرێن، یان پاشبەندەکان پێوەدەلکێت و پێشبەندەکان بەجیا .

[*****] ئەم وشەیە لەجیاتی ناسراوی و نەناسراوی بەکارهاتوە، چونکە ناسراوی گرفتی واتایی دروستدەکات و دیاریکردن، دیارینەکردن گونجاوترو پەسەندترە.

هێماو فۆڕمە زمانییەکان، کە بریتین لە کەرەستەو دەربڕاوە زمانییەکان، کە ( ئەوانیش وشەکانی زمان دەیاننوێنن، پێڕەوبەندانەو دروستەییانە چەمك و بیرو واتاکان دەگەیەنن، کە ئەمەش دەکەوێتەسەر ئەو کۆزانیارییانەی، کە هەڵیانگرتوە، پێکهاتەی بەکارهێنان بەواتە چالاککردنەوەی کۆزانیارییەکان دێت، کە هێما کۆدکراوەکان لەناواخنیاندا لە خۆیانی گرتوە، لەکاتی بەکارهێنانی هەر هێمایەکدا دەبێت، ڕەچاوی زنجیرەیەك ڕێکخستن و ڕیزبەندی و کاراکردنی ئەو پەیوەندییە کۆزانیارییەی هێما زمانییەکان بکەین، کە لەگەڵ خۆیاندا بەدوای خۆیاندا دەیهێنن.) (فەقێ ئەمین، ٢٠١٥، ل ١٣٣)(Faqe Amen 2015, p133)

(ڕێسای سیمانتیکی پەیوەندی نێوان ئاستی سیمانتیکی و ئاستی گرافی دەردەبڕێت. ڕێساکە، بەر لەهەر چشتێك، لەخزمەتی کاری بەدەستخستنی نووسیندایە.) (حەمە سەعید، ٢٠٠٨، ل٨٨) (Hemeseaid, 2008, p88)، شێوەی نووسین و خوێندنەوە واتای جیاواز بەوشەکان دەبەخشێت، کە دەکرێت بەستنەوەیان بەدەوروبەرەوە واتاکانیان دیاریبکرێت، وەك ئەو وشانەی بەهۆی زۆر بەکارهێنان و پلەی لێکچونی لەگەڵ چەمکێکی تردا واتاکەی فراوانتر دەبێت، کاتی زیاتری دەوێت بۆ وەرگرتن و فێربوون، کە لەم چەند خاڵەدا دەیانخەینەڕو:

١- ئەم وشانە وەك یەك دەنوێنرێن، بەڵام لەقسەکردندا بەهۆی ئاوازەوە جیادەکرێنەوە، چونکە فرەواتایی و لێڵی، لەئاخاوتندا لێڵ و فرەواتا نییە، ئەوەی تەمومژ دروستدەکات، نووسینە.

| | |
|---|---|
| دەفتەر | تێنووس |
| | دراو |
| شین | پرسە |
| | ڕەنگ |
| پارەکە | پارە |
| | ساڵی ڕابردو |

٢- یەکێکی تر لەلایەنەکانی تێگەیشتنی واتای وشەو بەهەڵەدا نەچون، بەکارهێنانی خاڵبەندییە[*]، کە (خاڵبەندی تەکنیکی زمانە، نیشانەکانی بریتین لە کۆمەڵێك ئاماژە و هێمای وێنەکراوی گۆنەکراو، کە نووسەر بۆ گەیاندنی واتایەکی دیاریکراو پەنایان بۆ دەبات، یان خۆیان بۆ خۆیان ئەرکێکی دیاریکراو دەبینن، وەکو پرسیاری، سەرسوڕمان، یان بۆ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی دەقێك و خوێندنەوەی بەشێوەیەکی ڕاست بەکاردەهێنرێت.) حسەین ٢٠١٥ Husein, 2015

٣- هەندێك وشە لەزماندا لەنێو قسەپێکەرانی زمان بەکاردێت، زۆرجار لەمیدیاکانەوە بەناو چین و توێژەکاندا بڵاودەبێتەوە، کە بۆهەمان واتاو مەبەستی وشەکە ناگەڕێتەوە، ئەمەش کەموکورتی و شێواندنی وشەکەی لێدەکەوێتەوە، بۆنمونە:

ژماردن بەواتە ڕێژەو ژماردنی شتێك دێت، بەڵام لەئێستەدا ئەم وشەیە فەرامۆشدەکرێت و لەبری ئەوە دەوترێت (بژاردن)، لەکاتێکدا (بژاردن) بەواتەی بژارکردنی شتێك دێت لە پیسی، بۆنمونە:

بژاردنی دەنگەکانی هەڵبژاردن. دروستە بوترێت: ژماردنی دەنگەکانی هەڵبژاردن.

٤- هەرگیز و هەمیشە، دوو وشەن نابێت لەبری یەکتر بەکاربهێنرێت، هەمیشە (بۆ بەردەوامییە)، هەرگیز (بۆ نەرێکردنە).

٥- ڕێکەوت : بەروار، بۆ یەکەمجار عبدولڕەحمان زەبیحی (ڕێکەوت)ی بەرانبەر (بەروار) بەکارهێناوە، کە بەرانبەر وشەی date زمانی ئینگلیزییە، بەڵام زۆرجار بەهەڵە بەکاردێت.

٦- هەر دو وشەی (واتە، واتا)، ئەم دو وشەیە لەناوەڕۆك و بەکارهێناندا جیاوازن، بەداخەوە ئەمە لەتوێژینەوەو نووسینەکاندا بایەخی پێنادرێت، (واتا) کاتێك بەکاردێت، کە لێکدانەوەی وشەیەك بەرانبەر بەوشەیەك بکەیت، بۆنمونە:

دەفتەر واتا تیانووس

بەڵام (واتە) بۆ ڕونکردنەوەیە بە ڕستە یان دەق.

[*] خاڵبەندی لایەنێکی تری دروستنوسینە، کە پێویستی بە توێژینەوەیەکی تایبەت هەیە، بۆیە بەشێوەیەکی سادە باسیلێوەکراوە و نەچووینەتە ناو قولایی باسەکەوە.

٧- هاوبێژو هاودەنگ لەزمانی نووسینی کوردیدا بە جیاواز نووسینیان واتای جیاواز پیشاندەدەن، پێویستە بەشێوەیەکی دروست بنووسرێن، تا لەنووسیندا جیابکرێنەوە، بۆنمونە:

دەموچاو واتا ڕوخسار

دەم و چاو واتا دەم لەگەڵ چاو

**ئەنجام:**

١- گرنگە بۆ یەکنووسین و تێگەیشتن و بەهەڵدانەبردنی واتای وشە، سیستەم و یاسا و بنەمای دروستنووسین لەنێو هەموو تاکەکاندا پەیڕەوبکرێت.

٢- دروستنووسین لێهاتویی نووسین لەتاکدا زیاددەکات.

٣- ئەلفبێی زمانی کوردی لەسەر بناغەی ڕێبازی فۆنەتیکی سازکراوە، فۆنێمەکانی زمان لەڕێگەی بەراوردکردنی جوتۆکەکانەوە دەستنیشاندەکرێت.

٤- هیچ کات پیتی (ر) لەسەرەتادا نانووسرێت.

٥- بەپێی شیکردنەوەکان و لێکدانەوەکان پیتی هەمزە فۆنێم نییە، تەنها دەرکەوتەیەکی فۆنەتیکی هاوەڵبزوێنە.

٦- ڤاوڵەکان یاسائاسا قورسایی وەردەگرن، بەمەش درێژی ڤاوڵەکان هەڵگری زانیاری نین، بەگشتی پیتی کۆتایی وشە قورسایی دەکەوێتەسەر.

٧- لەدەنگی */و/*، */وو/*دا تەنها دەنگێك لەنووسیندا بەکاردەهێنرێت، کە فۆنێمی */و/* ە، لە فەرهەنگدا نیشانەی هێز دیاریبکرێت، وەك نیشانە بۆ درێژ دەربڕین.

٨- هێما زمانییەکان دەبێت بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان و لەو خاڵانەی، کە باسکراون ببنە بناغە بۆ یەکنووسین و دروستنووسین لەزماندا.

٩- بایەخدان بە پێکەوەنووسینی کردارە داڕێژراوو لێکدراوەکان لەڕستەدا، گرنگیدان بە بنەما سینتاکسی و سیمانتیکییەکان، بۆ دروستنەبوونی هەڵەی واتایی و سینتاکسی.

**References**


Ali. Bakir Omer, 2005, phoneme (w) long of kurish language, Journal of university in slemani.

Ali. Bakir Omer, 2013, phonetic course of master, slemani.

Amen. Wrya Omer, 2004, Some horizon another of Linguistic, First edition, Institution edition and bulletin Aras, Hawler.

Andrea Donaky,2007, language planning and policy in manchester, dissertation, university of Manchester, faculty humanities.

Bernard Spolsky and Francis M. Hult,(2008), The Handbook of Educational Linguistics

Faqe Amen. Hawar Omer, 2015, Principles of Language in the Educational Curricula Teaching the Kurdish Language as an Example, letter master, University of Slemani.

Fatah. Muhamad Mearwf, 1990, Linguist, printing-press of dar alhekme.

Four Linguistics, 2010, kurdy Dictation for scientific principle of general orthography, Journal of Academy of kurd, printing-press of Haje Hashm, Second edition, Hawler.

Haje Marf. Awrahman, (1985), kurdish write of alphabet Arabe, printing-press of alali alwzerye, Bagdad

Haje Marf. Awrahman, (1998), the start of linguistic, printing-press of media, slemani.

Hashmy. Dyako, 2003, Dictation Kurd Language.

Hemeseaid. Muhammad Abdelfattah, 2001, Linguistics, University of Slumani, Sulemani.

Hemeseaid. Muhammad Abdelfattah, 2008, Phonetic and Phonology, First Volume, University of Slemani, slemani.

Hemeseaid. Muhammad Abdelfattah, 2008, Phonetic and Phonology, Second Volume, University of Slemani, slemani.

Hemeseaid. Muhammad Abdelfattah, 2010, Morphology and component-interaction, First Volume, University of Slemani, slemani.

Hemeseaid. Muhammad Abdelfattah, 2010, standard of Kurd Language, First edition, printing-press of Andeshe, slemani.

https://dictionary.cambridge.org

Husen. Shilan Omer, 2015, topics of curriculum university, University of Slemani.

Journal Dictation kurd coherent, 2004, bulletin Aras, Hawler.

Ken Boston, 1998, focus on literacy spelling, Nsw.

Kurdish Academy, Helochkayeky tir berew rasteryeky renwsy zmanekeman, Hawler, Kurdstan.

Kurdish Grammar Committee, 1985, Some of subject problem to sentence of Kurd, printing-press of Kory Zanyary Kurd, Bagdad.
Nancy H. Hornberger and Sandra Lee Mckay , 2010, sociolinguistics and language education, techest composition Ltd, Salisbury,uk.
Seaid. Ywsif Sharef, 2013, Vocabulary of Kurd Language, parinting-press of Hache Huashm, Hawler.
Wehby. Tofeq, 1929, rule of kurd language, chapter one, printing-press of dar altbae alhedyse, Bagdad.
Xoshnaw. Nariman Abdulla, 2016, First edition, printing-press of Rozhhelat, Hawler.
Xoshnaw. Sherwin Husen, 2011, perception new to synonym of kurd language, printing-press of Dylan, slemani.
Zanistperewarani Kurd, 2014, www.zkurd.org

**سەرچاوەکان:**

ئەکادیمیای کوردی، هەوڵۆچکەیەکی تر بەرەو ڕاستەڕێیەکی ڕێنوسی زمانەکەمان، هەولێر، کوردستان.
ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٤، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
چوار زماناس، ٢٠١٠، ڕێنوسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی دوەم، هەولێر.
حاجی مارف، ئەورەحمان، ١٩٨٥، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، چاپخانەی علاء الوزیریە، بەغداد.
حاجی مارف، ئەورەحمان، ١٩٩٨، سەرەتایێکی زماناسی، چاپخانەی میدیا، سلێمانی.
حسین، شیلان عومەر،٢٠١٥، بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیی، زانکۆی سلێمانی.
حمەسعید، محەمەد عبدولفتاح، ٢٠٠١، زانستی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
حمەسعید، محەمەد عبدولفتاح، ٢٠٠٨، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
حمەسعید، محەمەد عبدولفتاح، ٢٠٠٨، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی دوەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
حمەسعید، محەمەد عبدولفتاح، ٢٠١٠، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
حمەسعید، محەمەد عبدولفتاح، ٢٠١٦، بەستانداردکردنی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، دەنگسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ڕێنووس و خاڵبەندی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
خۆشناو، شێروان حسێن، ٢٠١١، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.
عەلی، بەکر عومەر، ٢٠٠٥، فۆنێمی (و) ی درێژ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
عەلی، بەکر عومەر، ٢٠١٣، کۆرسی دەنگسازی، ماستەر، سلێمانی.
گۆڤاری ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، ٢٠٠٤، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
فەتاح، محەمەد مەعروف، ١٩٩٠، زمانەوانی، چاپخانەی دارالحکمەت.
فەقێ ئەمین، هەوار عومەر، ٢٠١٥، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پڕۆگرامی خوێندندا( زمانی کوردی وەك نمونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
سەعید، یوسف شەرف، ٢٠١٣، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاسم، هەولێر.
لیژنەی دەستوری زمانی کوردی، ١٩٨٥، هەندێ لەبابەتە کێشەدارەکان لەڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
زانستپەوەروەرانی کورد، ٢٠١٤، www.zkurd.org
هاشمی، دیاکۆ، ٢٠٠٣، ڕێنووسی زمانی کوردی.
وەهبی، تۆفیق، ١٩٢٩، دەستوری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، دار الطباعە الحدیثە، بەغداد.